

# دیکۆری ژووری نووستن دیمەنی ماڵەکەت جوانتر دەکات

دیکۆر لەهەر شوێنێك جوانییەکی بەنرخ دەدات بۆ ئەوەی ئەو شوێنە پێوەی جوان بکرێ، بە تایبەت لە دیکۆری ماڵ کە گرنگییەکی تایبەتی هەیە، ئەمەش وادەکات ببێتە یەکێك لەجوانترین مۆدەکانی دیکۆرەکان، بەم شێوەیە خانمان دەتوانن لە ڕۆژانی سادە یان ڕۆژانی هاوسەگیری شوێنی نووستن لە ژووری نووستن بە جوانترین شێواز برازێننەوە، یەکێك لەگرنگترین شوێنەکانی ماڵ، بریتییە لە دیکۆری ژووری نووستن، کە جێگەی حەسانەوە و هەستێکی خۆشە بۆ ئەوەی مرۆڤ تێیدا بخەوێ، ئەمەش پێویستی بە دیکۆرێکی هێمن و ناسك دەبێ، بە تایبەت سەر پێخەفەکان کە پێویستە بە پاك و خاوێنی و نەرمی بێ، ئەمەش وەك جوانییەك بۆ دیمەنەکە و شێوازێك بۆ جوانی و شوێنێك بۆ خەوێکی خۆش، لێرەدا دەبێ پۆشاکەکانی سەر پێخەف بە جوانترین شێوە برازێنرێتەوە و دیمەنێکی جوان و ڕازاوە ببەخشێ، لەم لایەنەدا دەتوانن سوود لەم دیمەنانە وەربگرن بۆ ئەوەی پێخەفێکی جوان و ڕازاوە ببەخشن.





# کراسی کوردی بۆ خانمە بچوکەکان

جلوبەرگەکان بە جوانترین شێواز دەردەکەون، ئەمەش لە جوانی شێوە و دانانی ئەوشێوازەیە کە بۆی تەرخان دەکرێ، لێرەدا دەبێ تیشك بخەینە سەر ئەوجلانەی کە گرنگییان هەیە لە جوان و نەخشی جلەکاندا، بەرەو وەرزی بەهار ڕێگە دەگرین و لەم وەرزەش دەبێ جلەکان بە جوانترین شێواز ڕەنگاوڕەنگ و جوان بن. لەگەڵ ئەوەی خانمانی گەورە دەبێ بە جوانترین شێواز دەربکەون، ئەمە بۆ خانمانی بچووکیش دەبێ.

دیمەنێکی چەندەجوان دەبێ ئەگەر کیژۆڵەیەکی بچووك کراسێکی کوردی بپۆشێ، لە شوێنە گشتییەکاندا ببینرێ، کراسی کوردی بۆ خانمانی بچووك دەبێتە یەکێك لە مۆدە جوانەکان بۆ کچان، ئەمەش کاتێك لە جوانی جلێکی کراوە و ڕازاوە دەبێ، بە تایبەت کاتێك کە ڕەنگاوڕەنگ و کراوە دەبێ.



# بازنگە ناسکەکان بۆ دەستی خانمان

ئێکسسوارەکان بە گشت شێوازەکان جوانییەکی گەورە بە جەستەی خانمان دەبەخشن، ئەمەش لە کاتێکدا دەبێ کە لەگەڵ جوانی جلەکان بگونجێن و شێوازێکی تایبەت لەخۆ بگرن، لێرەدا دەبێ گرنگی ئێکسسوارەکان بە هەموو شێوازەکان بێ و لە نزیکەوە وەك هێمایەك لە جوانی بێ، یەکێك لەو ئێکسسوارە گرنگانە بریتییە لە (بازنگ) ی دەستی خانمان.

لەگەڵ گۆڕانی وەرزەکان بێگومان گۆڕانکاری بەسەر شێوەی ئێکسسوارەکاندا دێ، ئەمەش لە کاتێکدا دەبێ کە شێوەکان بەپێ جوانی وەرزەکان دەبێ، جوانی ئێکسسواری بازنگ بۆ وەرزی بەهار دەبێ بە کراوەیی و بەشەکانی دەربکەون، ئەمەش وادەکات ببێتە شێوەیەکی تایبەت و دیمەنێکی سەرنجڕاکێش بدات، هەوڵبدەن ئەو جۆرە ئێکسسوارانە هەڵبژێرن کە لەگەڵ جوانی دەست و جلەکاندا دەگونجێن.

# پێڵاو و سەندەڵ وەک مۆدەیەکی کراوە



دەبێ خانمان گرنگی بە گشت لایەنەکانی جوانی و ڕازاوەیی لە جلوبەرگ و شێوازی جوانی بدەن، ئەمەش لە کاتێکدا دەبێ کە بە شێوازێکی نەرم و دیمەنێکی شایستەوە ڕێگە بگرنەبەر بۆ هەڵبژاردنی گشت ئەو جلانەی کە بەپێی پێویست دەبن بۆ پۆشینیان، یەکێك لە گرنگترین بەشەکانی جلوبەرگ بریتییە لە پێڵاو و سەندەڵ، ئەمەش وەك یەکێك لە ئێکسسوارە گرنگەکانی خانمان دەبێ لەوپەڕی ڕازاوەیی و جوانی بێ.

بۆ وەرزی تازە و وەرزی سەوزایی و ژیانەوەی گوڵەکان، دەبێ دیمەنی خانمانیش وەکو گوڵ دەربکەوێ و شیاوی جوانی و ڕازاوەیی بێ، سەندەڵ بۆ ئەو وەرزە بە دیمەنێکی جوان بێ، لە دوو شێوەی خۆی دەگرێ، یەکێکیان بێ پاژنەیە و ئەوەی دیکەش پاژنەیەکی بەرزی هەیە، لەگەڵ مۆدەیەکی جوان بۆ پێڵاوەکان کە شێوەیەکی ناسك لە خۆدەگرن و دەبنە شایستەی دیمەنێکی جوان و ڕازاوە بۆ ئەوەی لەگەڵ جوانی ئەو وەرزە بگونجێن.

# جلە تایبەتەکان بۆ وەرزی بەهار





بۆ دانانی ستایلەکان لەم وەرزەدا دەبێ بەپێی جوانی ڕەنگ و شێوازەکان جلەکان دەست نیشان بکەین، بە تایبەت کاتێك لە شوێنە گشتییەکان یان کاتە بە نرخەکان پێویستی بە جلێکی فەرمی دەبێ، ئەمەش وادەکات خانمان تووشی دوو دڵی بکات و بۆیە دەبێ ئەو جلە شایستەی ئەو شوێنەبێ بۆ مەبەستی گونجاندنی مۆدەکە لەگەڵ کەشوهەوای ئەو شوێنە، بۆ شوێنە فەرمی و کاتە گرنگەکان ئەو جۆرە جلانە گرنگیان دەبێ و شێوازێکی سەرنجڕاکێش لە خۆ دەگرن.

جلی لەم جۆرە بۆ شوێنە تایبەتەکان، بە تایبەت لە کاتی دانیشتن لەگەڵ هاوڕێیان یان گەشتێکی خێرا بۆ شوێنێکی نزیك یان دوور، جلی لەم جۆرە پێویستی بە گرنگی دان نابێ و ئەمەش وادەکات جلێکی سادە بێ و بە ئاسانی بپۆشرێ و لەگەڵ ئەوەشدا دیمەنێکی شایستە لە خۆ بگرێ.

# فەرەنجی یان کەپەنگ جلێکی



جلوبەرگە کوردییەکان جوانترین دیمەنیان هەیە و ئەمەش وادەکات ببێتــــە جلێکی ڕازاوە لە مۆدەدا، یەکێـــك لەو جلانەی کە پیاوان دەیپۆشـــن و هاوشـــێوەی ئێلەگە بۆ خانمان، ئەویـــش بریتییە لە (فەرەنجـــی یان کولەباڵ — یان لە هەندێك شـــوێنی دیکە بە کەپەنگ دەناسرێ، لەلای ناوچەکانی قەرەچوغ بە کەڕك) دەناسرێ، ئەم کەپەنگە لە پاشماوەی مەرەسی گیانداران دروســـت دەکرێ و لە دوو جۆر پێکـــدێ، یەکێکیان لە مەرەسی بزن یان گیسك دروســـت دەکرێ، کە ڕەنگی ســـوورە یان قاوەیی، ئەوەی دیکەش ڕەنگی ســـپییە و لە خوری مەڕ یان بەرخ دروســـت دەکرێ، لەسەرەوە دوو تەکی هەیە و ئەمەو پێشـــتر بۆ هەڵگرتنی شت و مەك بەکاردەهێنـــرێ و دەبێتە هەڵگرێـــك بە تایبەت کاتێك شوانەکان دەیانپۆشی. جۆرێکی دیکەی هەیە لە (لباد) دروســـت دەکرێ، زیاتر لە ناوچەکانی هەورامان و بە دەستی پیاوان و خانمانی کورد دروست دەکرێ، نرخی لە نێـــوان (٢٠ تاوەکو ٣٥) هەزار دەبێ و ئێســـتاش چەندین پیاو هەن دەیپۆشن و شانازیشی پێوە دەکەن.

# خێزانێک (١٨١) کەسە!

زۆر لـــە پیاوانی کورد هەن حـــەز بە خێزانی زۆر دەکەن، ئەمەش وەك دابونەریتێك و کە لە پێشووتردا ماوەتەوە، کەچی ئەم بیرۆکەیە ســـەرکەوتنی بۆ نابێ، چونکە بە ئاسانی ناکرێ کۆمەڵە کەسێك پـــەروەردە بێ، کەچـــی وادیارە ئەو پیاوە بە پێچەوانەی گشـــت خەڵکـــی جیهانە و تا ئێســـتا نەتەوەیەکی پێکهێنـــاوە، تەنانەت عەشیرەتێکی هەیە.

ئەو پیاوە ناوی (زیونا شـــانا)یە و لە وڵاتی هیندســـتان دەژی و تەمەنی (٦٧) ساڵە و تا ئێستا (٣٩) ژنی هێناوە و دوای ئەوەندە ســـاڵە (٩٤) کوڕ و (١٤) کچیشـــی هەیە، هەموویان لە ماڵ دەژین و تەنانەت بە نەوەکانیشەوە کە دەگاتە (٣٣) نەوە، بەمەش ژمارەی گشتی ئە خێزانە دەگاتە (١٨١) کەس، ئێستا گشت ئەو خێزانـــە یان ئەو لیوایە لە ماڵێکی (٤) نهۆمی دەژین و بەمەش دەتوانن لیوایەکی سەربازی پێکبهێنن.





# (قەزافی)ش لێی قەوما!

دوای ئـــەو بارگرژیەی لە وڵاتی لیبیا ڕوویداوە و کە چەندەها ڕۆژە بەردەوامە، ئەو وڵاتە بەرەو ڕووخان دەچێ، ئەوەی سەیر بێ لە خانمە پاسەوانەکان و نۆشدارەکانی سەرۆکی لیبیا تێکچوو، چونکە گەورەیی و ڕێزێکی زۆریان هەبوو، زیاتریـــش کچان و ئافرەتانی بیانی بوون، کە (موعەمەر قەزافی) هەر بە (عائیشـــە) بانگی گشتیان دەکات، یەکێکیان ناوی (گالینا کولوتنیســـیکا)یە و کە نۆشدارێکی وڵاتی ئۆکرانیایـــە و جوانییەکی بێ هاوتای هەیە، دوای ئەوەی خاتوون لە ســـەرۆك توڕە دەبێ و ڕوودەکاتەوە وڵاتەکـــەی و لەگەڵ بردنی بڕە پارەیەکی زۆر، ئەمەو ئەو نۆشـــدارە هەردەم لەگەڵ ســـەرۆك بووە و کـــە زۆر گرنگی پێداوە و تەنانەت شـــەوانە لەگەڵیدا بووە، ئەمەش بە مەبەســـتی چاودێری کردنی باری تەندروستی (قەزافی)،ئێستا قەزافی زیاتر دڵگرانە لە ڕۆیشتنی ئەو شازادە جوانەی کە لە دەستی داوە، دوای ئەوەی وڵاتەکەی وای بەسەرهاتووە.

## کوردی ڕەسەن



# شێوازی گواستنەوە سەیرەکان

گواستنەوەی کەلوپەل هەردەم لە ڕێگەی ئوتۆمبێل یان هەر ئامێرێکی گواستنەوە دەبێ، ئەمەش بەپێی کەلوپەلەکان دەبێ، کە بە چ جۆرە ئامێرێك یان ئوتۆمبێلێك دەگوازرێنەوە، کەچی وادیارە ئەوانەی ئامێرێکیان هەیە، دەیانەوێ بە هەمان ئەو ئوتۆمبێلە یان کەرەستەیە کەلوپەلەکانیان بگوازنەوە، ئەوەی لەم دیمەنانە دەبینرێن ڕووداو و بەسەرهاتی ڕاستەقینەن کە وێنەیان گیراوە، کە سەیرترین دیمەن دەبەخشن، ئەوەی سەیرترە، بریتییە لە وێنەیەك کە زیاتر لە (١٩) کەس لەسەر مۆتۆرسکلێك سەرکەوتوون و لە شوێنێك بۆ شوێنێکی دیکە دەگوازرێنەوە.




## ڕەنگاڵە

### ژمارە جوانەکان لای ئەوانیش باوی هەیە




راپۆرتە هەواڵێکی ڕۆژنامەی (هۆنگ کۆنگ ستاندارد) ئاشکرایکردووە کە ژمارە (١٦)ی ئۆتۆمبێلێك لە زیادکردنێکی ئاشکرادا بە بڕی ١,٩ ملیۆن دۆلاری ئەمریکی فرۆشراوە. ڕۆژنامەی ناوبراو ئەوەشی ڕوونکردۆتەوە کە ئەو کەسەی ژمارەکەی کڕیوە بزنسمان (رجل الاعمال)ێکە ناوی (سوین سیو مان). شایانی باسە ژمارە (١٨)ی ئۆتۆمبێلێکی چینی لە ساڵی ٢٠٠٨ دا بە ١٦,٥٠٠ (شازدە ملیۆن و نیو) دۆلاری ئەمریك فرۆشرا، ئەمەش لەبەرئەوەی کە ژمارە ١٨ لەلای چینییەکان ژمارەی بەختە.

### منداڵێک زۆرترین پەنجەی هەیە




لە یەکێک لە نەخۆشخانەکانی سینی وێنەی فۆتۆگرافی ئەو منالە تەمەن شەش ساڵە بڵاو کرایەوە کە ١٤ پەنجە لە هەردوو دەستەکانی هەیە. لەگەڵ ١٦پەنجە لە هەردوو پێ یەکانی، وا بڕیارە کە لە نەخۆشخانەکە بە ڕێگەی نەشتەرگەری caption- ئەو پەنجە زیادانەی بۆ لاببردرێت.

**ڕەوەند بەختیار**




## کاوڕ ٣/٢١ - ٤/١٩

هەســـت بە دابەزینی ورەو شەکەتی دەروونی دەکەی هەوڵ بدە بە ئاگابیت و گوشارەکانت کەم بکەیتەوە، لەوانەیە کارێکی ســـەر کەوتوو ئەنجام بدەی.




## گا ٤/٢٠ - ٥/٢٠

گرفتێکی ئاســـایی روو لە کارەکانت دەکات هانا بۆ کەسێکی ئازیزت ببە، سەرکەوتنێکی باش بە دەست دەهێنی، بەژداری لە ئاهەنگێك یان خۆشیەك دەکەیت.



## دووانە ٥/٢١ - ٦/٢٠

هەســـت دەکەی ئەو گرنگیـــەی جارانت نەماوە لەلای هاوڕێکانـــت، هۆکارەکەش تەنیا خۆتی گۆڕانێك لە هەڵســـو کەوتت بکە.




## قرژاڵ ٦/٢١ - ٧/٢٢

هەوڵ بدە مۆڵەتێك وەر بگری لە کارەکەت و پشوویەك بدە، گیانت پاك بکەوە لە هەندێ شتی بێ سوود کە قازانجی بۆت نییە.



## شێر ٣/٢٣ - ٨/٢٢

باری سۆزداریت باش دەبێت و بەخت یاوەرتە ئەم ماوەیـــە چاوەڕوانی هیچ لە کەســـانیتر مەکە، بەڵکو خۆت هەندێ دەست پێشخەری بکە.



## گوڵەگەنم ٨/٢٣ - ٩/٢٢

دڵنیابوون و شادی زیاتر رووی لە تۆیە ئیتر کێشـــە دەرەکیەکان بـــەروە کۆتایی دەچن لە بواری سۆزداری بەروە پێشچوونێك هەیە.



# سەیرترین بووکی خەپۆک و زاوای سیسۆک

هـــەردەم هەوڵـــدەدرێ بووك و زاوا شـــێوەیان لە یەکتر نزیك بـــێ ئەمـــەش وەك ڕێگەیەك بۆ جوانی، بـــەڵام مەرج نییە گشـــت بـــووك و زاوایەك بەم شـــێوەیە بن، ئەمەش بەهۆی ئەوەی مرۆڤـــەکان جیاوازیان هەیـــە لـــە شـــێوەدا، کەچی ئەگەر ســـەیرێکی ئـــەو دوو بووك و زاوایە بکەین، بێگومان دیمەنێکی سەیر بۆمان دروست دەبێ، تەنانەت شـــێوەی بووك پێچەوانـــەی شـــێوەی زاوایە، بووکـــی لـــەم جـــۆرە ئەوەندە خەپۆکە بـــێ، کەچی زاواش ئەوەندە بچووك و سیسۆك.

# یاری پیت ریزکردن

**هەوڵبـــدە ئەو پیتانەی نـــاو بازنەکان ڕێکبخەی بۆ ئەوەی هاوینەهەوارێکی شـــاری دهۆکت بۆ دەربچێ.**

ە ژ و ا ل گ ێ

**وەڵامی ژمارەی پێشوو** (سۆلاڤ)

## نوکتە

**برنادشۆ (گەورە نووسەری ئێرلەندی) دەڵێ: نوکتە بچووکترین بەشی ئەدەبیانە!**

- مامۆستایەکی ڕێزمانی کوردی دەرس بۆ قوتابییەکانی شەرح دەکات، دەڵێ: ئەگەر بڵێم جاران ناشـــرین بووم، فەرمانی ڕابردووە، ئەی ئەگەر بڵێم ئێســـتا زۆر جوانم چییە؟؟

قوتابییەکانیش دەڵێن: مامۆستا درۆیەکی زلە....

***


- ڕۆژێک بابێـــک وانەی ڕێزمانی کوردی فێری کوڕەکەی دەکات، بە کوڕەکەی دەڵـــێ (بابت نانی خوارد) بیکە بە ڕابردووی دوور، کوڕەکەشـــی وەڵام دەداتەوە دەڵێ (باپیرم نانی خوارد).

## جیاوازی وێنە!

**بۆ زانینی ئاستی مێشك لەماوەی (٢) خولەکدا چەند جیاوازییەك لەم دوو وێنەیە بدۆزەوە**









**تەرازوو ٩/٢٣ - ١٠/٢٢**

گەر خێزانداریت خۆشەویستیەکی ڕاستەقینە لە ڕێگە دایە، ئەگەر خێزان داریش نیت بە دوای خۆشەویستیەکی ڕاستەقینە بگەڕێ بۆ ئەوەی دڵت ئۆقرە بگرێ.



**دووپشک ١٠/٢٣ - ١١/٢١**

پێویستت بە هاوڕێیەکی ڕاستگۆ هەیە بۆئەوەی ڕێگەی ڕووناکت نیشان بدات و لە تاریکیەکان ڕزگارت بکات.



**کەوان ١١/٢٢ - ١٢/٢١**

پێویستە چاوێك بخشێنیتەوە بەو کارانەی کە تا ئێستا ئەنجامت داوە، هەست بە شۆڕشێك دەکەیت لە ناختدا دەرفەتێکی خۆشەویستی باش لەبەر دەمە.



**گیسک ١٢/٢٢ - ١/١٩**

تۆزێك چوست و چالاکتر دەبیت و هەست بە دڵنیایی زیاتر دەکەی، ئاسمانی سافی و ڕۆشن لە گەڵت هەنگاو دەنێ، ژیان بە ڕووت پێدەکەنێ.




**گۆزە ١/٢٠ - ٢/١٨**

هەوڵ دەدەیت لەگەڵ کەسێك ببیتە دۆست، بەڵام لەگەڵی ناگونجێی لەناخی دڵتەوە ئازار دەکێشی و دەیشارییەوە، بەڵام قازانجی نییە و پێویستی بە دەربڕینە.



**نەهەنگ ٢/١٩ - ٣/٢٠**

گرنگی بدە بە ئیش و کار و خێزانەکەت، خواستەکانت زۆرن، هەندێکیان لەم زووانە دێنە دی، پەلە مەکە و بڕیاری پەلە مەدە.




ئا: فەرهاد محەمەد ئاژگەیی

## ئاسۆیی:

١- یێژەرێکی وەرزشی شاری هەولێرە.
٢- سەرگەردان- شاعیرێکی کوردبوو- شارێکی کوردستانە.
٣- نۆرە- ناوێکی کوڕانە- تەنیشت(پ).
٤- نیوەی حازم- هۆشیار(پ).
٥- دوو پیتی کەیفی- ناوی دوەمی گۆرانیبێژێکی کوردە.
٦- خواردنی ئاژەڵ- خاڵ(پ).
٧- بۆم(ت)- سین(ت)- دوو پیتی دایە.
٨- شیا(پ)- دوو پیتی تاریك.
٩- ئەکتەرێکی ئاسیایی کۆچکردووە(پ)- نیوەی ڤیان.
١٠- ژێر(پ)- خەندە- دۆخێکە(پ).
١١- ڕۆژنامەیەکی ئیسپانییە- هار(پ)- ڕەش.
١٢- ناوی تەواوی مەلا مەشهور(پ).

## ستوونی:

١- ئەکتەرێکی کۆچکردووی شاری هەولێرە- ئێمە.
٢- هەرێمێکە لە ئەڵمانیا(پ)- کچە گۆرانیبێژێکی کوردە(پ).
٣- وەکویەك- گەورەترین شانۆ لە جیهان.
٤- پیتێکی مۆسیقایە(پ)- دوو پیتی خاك.
٥- شەپرێو(پ)- یانەیەکی ئیتاڵ بیە(پ).
٦- ئەکتەرێکی ئەمەمەریکیە- دوو پیتی زێڕ.
٧-سێ پیتی هابە- ئازا و بەجەرگ.
٨-ڕۆژنامەیەکی فەرەنسییە- ژمارەیەکە.
٩- شێو.
١٠- نەخۆشیەکە(پ)- چەکێکی کۆنە(پ)- وەکویەك.
١١- ئامێرێکی مۆسیقایە- کچە گۆرانیبێژێکی کوردە.
١٢- بێژەرێکی وەرزشی شاری هەولێرە.

## بۆ زاخاوی مێشک

* وەڵامی ژمارەی پێشوو وشەی (سوناتا) بوو



بۆ زانینی ئاستی زیرەکیت، هەوڵبدە ئەنجامی ئەم شێوە شیکارە بدۆزیتەوە..

⬡ ⬡ ⬡ ⬡ ⬡

ئەم خانەنانە بە پیت پڕ بکەرەوە کە لە کۆتایی ناوێکت بۆ دەردەچێت بتوانە لە ماوەی (٥) خولەکدا ناوەکە بدۆزیتەوە، ئەمەش وەك سوود وەرگرتن لەم ئاسانکاریانەی خوارەوە :

**ئاسانکاری**

- پیتی خانەکانی (١+٢+٣) کۆ بکەیتەوە بە مانای (خواردنێکی ڕۆژانەیە لە گەنم دروست دەکرێ)
- پیتی خانەکانی (٤+٥) کۆ بکەیتەوە بە مانای (ژمارەیەك ئەگەر دابەشی دووی بکەی (١٥) دەردەچێ)
- پیتی خانەکانی (٥+٤) کۆبکەیتەوە بە مانای (بەڵێ بە فۆنەتیکی ئینگلیزی)
- پیتی خانەکانی (١+٢) کۆ بکەیتەوە بە مانای (نەخێر بەمانای وشەیەکی دیکە